## مافی فێربوونی زمانی نۆروێژی و کۆمەڵناسی بە بێبەرامبەر

مۆڵەتی نیشتەجێ بوونت لە وڵاتی نۆروێژ دەتوانێ مافی فێربوونی زمانی نۆروێژی و کۆمەڵناسیت پێببەخشێ.
ئەگەر دەتهەوێ لەو خوێندنەدا بەشداربی یان داوای چاوپۆشین لەو دەرفەتە بکەی، بەزووترین کات دەگەڵ ناوەندی خوێندنی گەورەساڵان لەو شارەوانیە کە ناوت لێوە تۆمار کراوە، پێوەندی بگرە.
ئەم مۆڵەتی خوێندنە لەو کاتەوە حیساب دەکرێ کە مافی نیشتەجێ بوونت (oppholdstillatelse) پێدراوە، یان لەو کاتەوە کە بە مافی نیشتەجێبوونەوە هاتوویە وڵاتی نۆروێژ. مۆڵەتەکە سێ ساڵە ئەگەر تۆ لە پێشدا خوێندنی قوتابخانەی ئامادەییت (videregående) تەواو نەکردبێ، و ئەگەر خوێندنی ئامادەییت تەواو کردووە مۆڵەتەکە ١٨ مانگە.

### ئەرکی خوێندنی زمانی نۆروێژی و کۆمەڵناسی

بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی مانەوەی دائیم (permanent oppholdstillatelse) یا هاونیشتیمانی (statsborgerskap)، ئەرکی تەواو کردنی ئەم کۆرسەت هەیە. دەتوانی دواکاری بۆ چاوپۆشین لەو ئەرکە بکەیت ئەگەر بتوانی بیسەلمێنی کە ئاستێکی زانیاری باشت هەیە لە زمانی نۆروێژی یا زمانی سامیدا، یان بتوانی بە بەڵگە بیسەلمێنی کە بە هۆکاری تەندرووستی تایبەت یا هەر هۆکارێکی تایبەتیتر ناتوانی بەشداری بکەی.

### ماف و ئەرکی خوێندنی زمانی نۆروێژی و کۆمەڵناسی

ماف و ئەرکی خوێندن تا ئەو کاتەی کە خۆت دەگەیەنێ لانیکەمی ئەو ئاستەیە لە زمانی نۆروێژیدا کە دیاریکراوە. ئەو لانیکەمی ئاستە شارەوانی دیاری دەکات. ئەم خوێندن تا دەگەیتە لانیکەمی ئەو ئاستە بێبەرامبەرە. ئەگەر لە خوێندن مۆڵەتت پێدرا (permisjon)، بەو پێیە مۆڵەتی بەشدار بوونت لەو خوێندنەدا بۆ درێژ دەکرێتەوە.

### زانیاری بەکردەوە

ئەگەر پرسیارت هەیە یان سەبارەت بە مۆڵەت و مافەکان پێویستت بە زانیاری زۆرترە دەگەڵ ناوەندی خوێندنی گەورەساڵان پێوەندی بگرە.
هەروەتر دەتوانی لەم لاپەڕانەدا زانیاری زۆرتر کۆکەیتەوە: www.imdi.no و www.udi.no